# سەرفرازە ئەو کەسەی مسوڵمان بووە، وهێندە ڕزقی پێدراوە کە بەشی بکات، وخوای گەورە قەناعەتی پێداوە لەسەر ئەم بەخشینە

لە عبداللەی کوڕی عەمرو کوڕی عاسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «سەرفرازە ئەو کەسەی مسوڵمان بووە، وهێندە ڕزقی پێدراوە کە بەشی بکات، وخوای گەورە قەناعەتی پێداوە لەسەر ئەم بەخشینە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە براوەیە وسەرفرازە: ئەو کەسەی فەرمانبەرداری پەروەردگارێتی وهیدایەت دراوە وسەرکەوتوویی پێبەخشراوە بۆ پابەند بوون بە ئیسلامەوە، هەروەها ڕزقی حەڵاڵی پێویستی پێبەخشراوە بە بێ زیاد وبە بێ کەم، وخوای گەورە قەناعەت وڕازیبوونی پێبەخشیووە بەوەی پێیداوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5814